**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی (تاقیگەی ناوەندی خۆراک) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەرین سەر بە بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی ڕاپەرین .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١/٣١.

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی (سەنتەری ڕاهێنان) بۆ ڕاهێنراوانی ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکیەکان لە پسپۆری (special care dentistry) لە سەنتەری هێلینا سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/٤.

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی (کلینکی IPP ئەڵمانی بۆ چارەسەری دەروونی) لە کۆلێژی زانستی تەندروستی لە دهۆک سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/٢٢.

**بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی (بەشی کردە پزیشکیەکان) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/٣.

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی (هۆبەی تەندروستی هەرزەکاران) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/٧.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**